## لەمنەوە پەیامێک بۆ سەرۆک کۆماری عێراقی عەرەبی و،
## لە ئێوەشەوە یەکگرتن خەڵکی بەشەرەفی کوردستان بەگشتی و گەرمیانیانی ئەنفال کراو بە تایبەت

قاسم ئەحمەد / سویسرا
Kaskurd72@hotmail.com



لە کورە گەرمیانیەکی ئالودەی ترس ،هەژاری ،دەربەدەری ،مافخوراووبینەری بەشێک لەدیمەنەکانی کارەساتەکانی ئەنفالی بەدناووە بۆ سەرۆکی کۆماری ئێراقی عەرەبی.

وەک نەریت وبوونی ئەخلاق لە ناخم دا،سەڵاوێکی گەرم سەڵاوێک کە لە ناخی بە هەپرون بون و دڵی پڕ لە ئازارماوە سەرچاوە دەگرێت لە گەڵ تنۆک تنۆکی ئەوفرمێسکانەی کە ژنانی کوردو، پاکیزەکانی گوندە تاک وتەراکانی گەرمیان لە کاتی گواستنەوەیاند ا بەشێوازێکی زۆرەملی ودوور لە ئاکارو پێناسی مرۆڤایەتی، لەتۆپز ئاواو، حەزەروو قۆرەتووەو، تاوەکو نووگرەی وولاتی حەجاج و سوولاتن هاشم دەیان باراند بە بەرێزتان دیاری بێت لە گەڵ بیرهێنانەوەی فرێدانی ئەوکۆرپە چوار کاتژمێر تەمەنەی کە لەباوەشی دایکیکی زافەوەردابەدەستی سەربازێکی سوپاکەی سوڵتان هاشم جیاکرایەوەکەگاویە گریانەکەی ئیزعاجی کردووە پاشان لە جامی پاسەکەوە لە کاتی چوندا هەڵدرایە خواروو، لە خاکی کوردستان دا پێش ئەوەی ببێت بە خۆراکی دڕندەکانی بیابان ونووگرەسەلما ن، بۆ هەتایی وون بوو لە گەڵ قەدماغەی ئەوبرینانەی کە جەلادەکانی دەسلاتەکەی سوڵتان هاشم لەجەستەی رۆڵەکانی نەتەوەکەمانی کردووەو قەد سارێژ نابن،لەگەڵ هاواری ئەوپیروو پەک کەوتانەی کەتێکەڵ بە قیژەی ئافرەتانی هەتک کراو دەکران لەو دەمەی حەجاج سوڵتانی بە دەست هێنانی ئارەزوەکانی بوو بەبەرێزتان پێشکەش بێت.

بەرێز سەرۆکی بە ناو کۆماری عێراقی فیدراڵی،ئەوفیدراڵیەی کە تەنها تۆو چەند کەسێکی تر لە پاراستنی بەرژەوەندیەکانتان خەونی پێوە دەبینن،من یەک لەو لاوانەی گەرمیان بووم کە هەموو دەم بە ناو هێنانت شا گەشکە دەبووم،بە بینینت ئاواتم دەخواست،بە بوونت ئایندەی کوردستانێکی گەورەم چاوەراون دەکرد،ئاواتم بۆ تەمەنی درێژوو تەندرووستی باشت دەخواست،لە کۆڕوو کۆبوونەوەکاندا بە سەری تۆ سوێندم دەخوارد،لە هەڵبژاردنەکاندا ماندوو دەبووم،لە یەکەم پرۆژەی دەنگدان بۆ یەکەم پەرلەمانی پەنجا بە پەنجای هەرێمە ساواکەی بەرێزتان ئەو کاتەی تەمەنی دەستوریم نەبوو، بە داروو دیواردا هەل دەگژام،لەم سندوقەوە بۆ ئەو سندوق هەوڵم دەداو ڕێگریان لێم دەکرد هەرچیم دەکرد بواریک سۆراخێک بە دەست بینم تابتوانم دەنگ بدەم بۆ ئەو ئالایەی کە رەنگەکەی سەوز بوو تا هیچ نەبیت مام جەلال دەنگیک زیاتر بەدەست بینیت.

لەهەر کوێو لە هەرشوێنێکدا باسو ناوی تۆ هەبوایە من خۆم تێ هەل دەقورتان و لە تۆو لە باسی خراپ دژ بە تۆ داکۆکیم دەکرد،لەو کاتەی لە سەربانی یەکێک لە قوتابخانەکانی کۆمەڵگای سمودی پاشماوەی ئەنفالەکانەوە لە گەرمیانی خاوەن شەهیدانەوەخیتابت دەدا لە خۆشیدا خۆم بۆنەدەگیرا،کە باسی کوردستان وبەهاری داهاتوت دەکرد دەبێت کەرکوکی قودسی کوردستان رزگار بکەین.

من لاویک بووم لەو لاوانەی بۆبایەخ دان بە داواکاریەکەت سەبارەت بە مانگرتنە سەراسەریەکەی کوردستان لە بەرابەر بارەگای نەتەوەکان لە شاری سلێمانی،لە گەڵ دەیان لاوی گەرمیانی بێ بەش لە هەموو خۆشیەکانی سەردەم لە رۆژێکی

ساردوو کڕیوە ئاسای پێدەشتی گەرمیان و ملەو توونکە تونکەکانی دەڤەری جافدا بۆ یەکەم هەنگاو لە بەردەم قەڵای شێروانەی سەربەرزەوە پەیمانمان داو بە بێ هیچ گوێدانە سەرماو برسی بونێک بریاری پیشوازیکردنمان لە بانگەوازەکەی تۆی ئەوسای دلسۆز بۆ گەل ونەتەوەداو،بەرەوشاری سلێمانی بەرێکەوتین، بە بێوەستان، بەبێ خواردن، بە بێ سواربونی ترۆمبێل،ئەمەلەکاتێکدا پیاوی ناوداروو کوردپەروەری هەمیشە زیندووی دەڤەری کەلار کاک محەمەد عەبد عەلی و کورەکانی هاوکارمان بوون بە دەرمان و شیروو خواردن و کامێرایەکی ڤیدیۆ.

لێ وەک بیرهێنانێک هاورێکانم کە ناوی هەندیکیانم بیر ماوە ئیبراهیم ئەحمەد هەواس، شێرکۆ مەحەمد سالح ،گوڵالەی کچەگەرمیانی و ئەندامی پەرلەمانی کوردستان وئافرەتتێکی دی بە ناوی ئاڤێستا لەوبروایەدام خوشکی کاک محەمەد خانەقینی بوو،محەمەد خانەقینی،ساڵح قادر ناسراو بە هەهەڵکەوت و چەند برادەرێکی تر کەناویانم بیر نەماوە هاوکات بوو لە گەڵ دەستەیەک لە لاوانی کەلاروو کفری لە بەدەم کۆشکەکەی مستەفا بەگی جافدا کە هەرهەمویان بەربەرەکانیان لە گەل کەم ووزەیی و مەرگدا دەکرد ،تەنانەت مەلاشوکەری رەحمەتی کە خاونی بە ئەنفال بوی خیزان و سەر جەم منداڵەکانی بوولەنێو تابوتێک دا بوو جاروو باریش لە لایەن خەڵکەوە بەرزدەکرایەوە بریاری تامردنی دابوو،دوای گەیشتنمان بۆ بەردەم ئەوکۆمەڵە لاوەی کە هێزیان تیا نەمابوو هەندێکیان بریاری تامردن ودوورینەوەی لێوەکانیان دابوو تا بیسەلمێنن کە مانگرتن لە پێناو چەسپاندنی داوەکاریەکان وپەیامەکەی هەڤاڵ مام جەلال دابە هەگەردا نەروات.

دوای تەواو بوونی ماوەی مانگرتنەکەو گەرانەوەمان بۆ گەرمیان گەرمیانێکی قات و قری و پڕ لە گرانی بیرمان لەوە دەکردەوە مام جەلال چیمان بۆ بکات داوەکاریەکانمان داوکاری مادی نەبوو جگە لە باری وورەیی(معنوی)بەو لاوە و بوونی ئومێدێک کە ئاسۆی دوارۆژی نەتەوەکەمان بێت،وارێکەوت بەرێزتان بەسەردانێک بۆ سەڤەری گەرمیان ئەو هەلەی بە ئێمەی مانگرتوو بەخشی کە لە نێزیکەوە لە ناحێ ی باوەنوور لە ئێوارە خوانێک دا لە یەکێک لە قوتابخانەکانی دا بۆجاری یەکەم دەست لە ناودەست گوێبیستی چەند پەیڤێکی ترت بین ئەمانە هەموو نمونەی بە ئەمەک ناسی من و سەدان هەزار خەڵکی ترە کە ئامادە بوون گیانیان بۆبەرژەوەندیەکانی کوردو کوردستان بەخت بکەن، بەو مەرجەی ئێوەی سەرکۆماریش کارەساتە دەستکردەکانی جینۆساید ولاقەکردنی ئافرەتانمان، پاکیزەکانمان،فرۆشتنیان بەملاو بەولا وبرسی بوونمان،لە رۆژێکی وەک ئەمرۆدا کە کورسیەکەت بنەدارێکی بەکورسی کراوی خڕی ناوزەنگ نیە مشورێک بۆ کوردو کوردستان وکەسو کاری ئەنفالەکان بخۆی نەک سەرکردەی 8 هەشت پرۆژەی کاولکاری ئەنفالی بەدناو سوڵتان هاشم لەبیربکەی و بە دۆست و دڵسۆی سەردەمی خەباتی کوردایەتی ناوزەد بکەی.

ئەمرۆ کۆمەڵانی کوردستان خاوەن ئەزمون وخاوەن شەهید و،خاوەن مافن،جیهان لەگۆران وکوردستانیش لە هەمو بوارەکاند ابەرەو کۆمەڵگەیەکی سەردەمیانەو بەدەست هێنانی رەهەندەکانی تاک ومافەگشتیەکانی مرۆڤ لەکۆشش دایە،سەردەم سەردەمی هەشتاکان و،نەوەدەکان نیە کە کەم ئەزمونی مرۆڤەکانی خستبوە گۆشەگیری و،برواکردن بەبەڵێن ووتی وتی وهەرشتێک کە جێبەجێ نەکرابا،لاوەکان چینی تازەی کۆمەڵگەو لەدایک بوانی سەرەتای راپەرین لەهیچ کەس و بەرپرسو سەرۆکێک رازی نابن،کە بەخەمی داوەکاریەکانیانەوە نەبن،هەر بۆیە داواکارم بەرێزتان بە ووردی مامەڵە لەگەڵ رەوشەکەدا بکەن تا جارێکی تر بتوانن من وسەدان هەزار لاوی تر بەرەو کورەی شۆڕشەکانی ئەمرۆو داهاتو رابکێشن،نەک کارێک کە بە پێچەوانە کاردانەوەی لە سەر ئایندەی گەل ونەتەوەیەک بێت کوردایەتی بە تاوان و خەوش بزانێت.

هەڤاڵ مام جەلال لەم پەیامەدا دڵ نیام جەنابتان بە هەندەوە وەری دەگرن وخەڵکانێکیش گاڵتە بە نوسینەکەم دەکات ئەویش بۆ دوو هۆ کار دەگەرێتەوە:
یەکەم/جەنابتان وەک کەسێک کە برەو بە ئازادی رۆژنامەگەری دەدەدن ئیتر نازانم تا چی رادەیەک بونی هەبێت من بۆ خۆم دورم تابزانم لە نیزیکەوە رەوتی ئازادیەکان تە چەندە هەرجەندە تاوەکو ئێستا چەندین رۆژنامەنووس لەژێر

دەسڵاتی حکومەتی هەرێم دا تووشی گرتن وفراندن و ئەشکەنجە هاتووە نموونەشمان نەبەز گۆرانی رۆژنامە نووس وناسیح عەبدولرەحمانی پەیامنێری رۆژنامەی خوێندنی لیبرال لە شاری هەڵەبجە!

دووەم/من کەسێکی سادەو لەوەدەچێت لە بیرو هزری بەرێزتان و سەدان بەرپرسی تری حیزبەکانی تردا جێگەم نەبێتەوە.

من خال بەخاڵی رووداوو گۆرانکاریەکان بە خۆشی وناخۆشیەکانیەوە لە پێش چاوم دان هەرچەندە بۆ من تەمەنی گوزەرکراوی خۆشی قەد نەبووە چونکە خەڵکی دەڤەرێکم هەمو کات بەشان وباڵیاندا هەڵدراوە کە گوایە خەڵکی گەرمیان قارەمان وشۆڕشگێرن خاوەنی شەهیدانی وەک مامەریشەو،حەمە رەش و مەحمودی مامەعەزەو،سەی کەریم وسەدان شەهیدی قارەمانن کە بەو مەبەستە گیانی خۆیان بەخت کرد دوای خۆیان گەلەکەیان لەسێبەری ئازادی ودەسکەوتەکانی ئەمرۆی کوردستان دا سەربەرزبژین ولەخزمەتگوزریەکان بی بەش نەکرێن.

بەڵام ئەمانە نابنە پێوانە کە لەراستیدا وابێت لە کاتیک دادەڤەرێک لە هەمو بوارەکانی خزمەتکاری وئاوەدانکردنەوە بی بەش بێت،دەڤەری گەرمیان خاوەنی دەیان داستانی وەک سەرقەڵاو،هۆمەرمل و،سەی خەلیل و،پەرینەوە لە رووباری لێوان لیوی سیروانن بۆ گرتنی مۆڵگاکانی بەعسیە تاونکارەکان، نمونەشمان گرتنی رەبیەی گۆڕەشەلەی ئەوبەری سیروانی دیهات وگوندە بە عەرەب کراوەکان بەدەستی پۆلێک لە قارەمانەکانی تیپی 53ی شێروانە.

من بە هەر هۆیەک بێت وەک تاکێک کە هەموو کات بەرژەوەندی و سەرکەوتنی کوردستانم لە لامەبەست بووە،گلەیی وگازندەی خۆم دوور لە هەر ناوێکی خوازراو دەنووسمەوە تا ئەو کاتەی لەستەمی نەتەوایەتی وتاوانەکانی دەورو بەر بۆ هەتایی رزگارمان دەبێت لە هەرپارچەیەکی بە ناحەق دابەشکراوی کوردستانی خۆشەویست دا، بەرابەر بەهەر دەسڵاتێکی کوردیش کە لەخەمی سەرکەوتنی یەکجارەکی ولە باربردنی کۆرپەی ئۆمێدەکانی کەرکوکی قودس و،دلی کوردستان بە ووتەی بەرێزتان نەبێت ،ئەم هەموو بیرهێنانەشم بۆ ئەوەیە لە ناخەوە دەسوتێم گریانم دێت تاوانبارێکی وەک سوڵتان هاشم لە سەر زاری بەرێزتانەوە لە یەکێک لە کۆنگرە رۆژنامەوانیەکاندا بە بێتاون بۆکوردستان و جیهان بناسرێت وپاکانەی بۆ بکریت.

سویندت دەدەم مام جەلال بەگۆڕی شەهیدانی کوردو کوردستان،بە ئاهو ناڵەی دایکانی رۆڵەی بی سەرو شوێنکراو،توپاکیزەگی ئەو هەژدە 18 ئافرەتەی کە بە نابەدڵی بە گڵۆپەسورەکانی شەوانی قاهیرەفرۆشران،خاتری جەستەی ئەو هەڵۆ قارەمانانەی سەرتاپای شۆڕشەکەت،توو گیانی 182 هەزار زیندە بە چالکراوی بە ئەنفال کراوی بیابانەکانی حەجاج و،سوڵتان هاشمی تاوان بار.چۆن توانیت وەک کوردێک پاکانە بۆ ئەم تاوان بارانە بکەی ئەم پاکانە کردنە هی تۆ نەبوو،تۆ سەرکردەی شۆڕشیکی خەڵکانێکی زۆر لە پێناوی رێبازەکەی دا خەباتی کردووەو قوربانی داوە،ئەی نازانیت گومان دێتە ئاراوەو کەسایەتی بەرزت لەلای خەڵکی کوردستان بەجۆرێکی تر لێک دەدرێتەوەو باسی لێەوە دەکرێت؟
تۆی خاوەن نیوسەدە تێکۆشان دەبوایە نەک پاکانە کردن بۆ تاوانبارێکی وەک سووووڵتان هاشم کە لەبەردەم دادگاو تەواوی میدیاکاندا دەیگوت پەشیمان نیم لەوەی کەکردوومە بەڵکو ئەوسەرۆک کۆماریەشت وەرنەگرتبایە کەکارەکانی لەچوارچێوەی دەسڵاتێک دایە نەتەوەی عەرەبی نەک بروای پێناکەن بەڵکو لەپیلان وووتی ووتی دان نەک کورسیەکەت بەڵک وکوردستانیشی پێوە هەپرون هەپروون بکەن!

ئاخ مام جەلال ئەو مام جەلالەی کە پیشمەرگەیەکت شەهید دەبوو هەمو خەڵکی کوردستان لەخانەقینەوە بگرە تازاخۆ دەست بەئەژنۆو لەخەمدا بوون،من تا تۆزێک لەبیر کردن وەک دەردەدارێک بەدەوری خۆم دا دەسورامەوە،براو بکە مامی

کوردان له نەبەردەکەی سەید خەلیل دا به بەرواری 1985/30.12،کەپۆلی پێنجەمی سەرەتایی بوومە بۆ بیستنی هەواڵی پێشمەرگەکان که لەنەبەردێکی گەورەونابەرامبەردا درێژەی هەبووهەمووخۆشیەکم لەخۆم تاڵ کردب و،تا ئەوکاتەی هەواڵ هات وووتیان مەجید باوەنوری و کەریم کۆمەلە شەهید بووە، له مزگەوتی گەورەی شاری کەلاردا شارەوانی به خاکیان دەسپێرێت، کەریم کۆمەڵەی کوڕی هەژارترین پیاوی گەرەکەکەمان.

نەوستام تا بەردەرگای مزگەوتو ئەوشەهیدە نەمرەم به بی گیانی بینا لەوکاتەی به بریندراری دەستی جاش و سوپای بارق کەوتبو داوجاریش به زیندوویی شەهید کرابوو،له کۆتایی پەیامەکەمدا داوکارم لەسەرجەم ئەو بەرێزوو نووسەرانەی که توانای دەربرینی راستەکانیان هەیە له گەڵ خەڵکانی ستەم لێکراوو خاوەن قوربانیدا دەست له ناودەست بەشێوازی سەردەم به دەنگێکی یەکگرتوو پشتی کەسو کاری شەهیدان وئەنفالکراوەکان بگرن بۆ زیاتر رسواکردنی داهێنەرانی ئەنفال و ناردنی پەیامی لەم جۆرانە بۆ سەرکردەو دەسڵاتدارانی نەتەوەکەمان باچیترنەتەوەیەکی تەنها بۆ قوربانی نەبین وتاوان بارانیش وەک بەسکی بانان بۆی دەربچن.